

گوڵان: کۆمەڵایەتی

# ئافرەت... ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵگە بەرەو پێش دەبات


بڕیارنامەی ١٩٦٠ی ئەنجومەنی ئاسایشـــی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لـــە ڕێکەوتی ١٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٠دا پەسندکرا، بەڵگەیەکی نێونەتەوەییە لەمەڕ ژنان و ئاشتی و ئاسایش. ئەم بڕیارنامەیە لە دوای کۆبوونەوەی ژمارەی ٦،٤٥٣بە کۆی دەنگ پەسندکرا. واتە ئاشتیی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی کۆمەڵگە بنەمایەکی گرنگی بەرەوپێشچوونی هەر وڵاتێکن، بەڵام کۆمەڵناسان و ڕۆشنبیران رایانوایە ترادیسیۆن و جەنجاڵی بیری دواکەوتووی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (بە کوردستانیشەوە) بوونەتە دینگەیەك بۆ راگرتنی بیری تەسکی کۆمەڵایەتی و بە کۆیلەکردنی مێینە، لەگەڵ ئەم هەموو بەربەستانەشدا ئافرەتانی کورد لە دێرزەمانەوە هاتوونەتە مەیدانی خەبات و لە زۆر بواردا قۆڵیان لێ هەڵماڵیوە و بەشێك بوون لە هەنگاوە دیار و بەرچاوەکانی بەرقەراربوونی ئاشتەوایی و پێکەوەژیان و تەنانەت خەبات و بەرگری لە وڵات، ئێستاش جەخت لەوە دەکەنەوە کە بەشداری ئافرەت لە سیاسەتدا هێمایەکی گرنگە بۆ ئاشـــتەوایی و ئاستی گەشـــەی کۆمەڵگە و هەنگاونانی بەرەوپێشکەوتنی زیاتر. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان راو سەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.





ساسان عەونی:

**کوردستان وەک کۆمەڵگەیەک کە لە قۆناغێکی هەستیاری راگوزەردایە و ئافرەتانی کە نیوەی کۆمەڵن، دەبێت بە پێی ژمارە و قەبارەیان لە چارەسەری تەنگژەکانی ناو کۆمەڵگە و لە پێشکەوتنەکانیدا رۆڵیان هەبێت**



خانزاد سەعدی:

**شەڕی تیرۆر دژی چەکدارە توندڕەوەکانی داعش کە هەموو پلان و پێوەرەکانی ناوچەکەی گۆڕی و ئافرەتێکی زۆر لە کوردستان بوونە قوربانی ئەو شەڕە و خەبات و تێکۆشانی چەندین ساڵەی ئافرەتان لەسەر ئاستی حکومی و حزبی و رێکخراوەیی پاشەکشێی بەخۆوە بینی و ناچارین دیسان لە سەرەتاوە دەستپێبکەینەوە**

سەرەتا ساسان عەونی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی رێکخراوە جەماوەرییەکان لە دەستەی رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لەو بڕوایەوە دەست پێ دەکات کە تێگەیشتنە لە رۆڵی ئافرەت لە ناو کۆمەڵگەدا، تێگەیشتنە لە مەودا و ئەو پانتاییەی کە ئافرەت دەتوانێت رۆڵی تێدا بگێڕێت و زانینی هاندەر و پاڵنەرەکانی ئەم رۆڵبینینەیە و لە هەمان کاتیش دەستنیشانکردنی بەربەست و لەمپەرەکانی بەردەمێتی.
گوتیشی: «بابەتی بەشداریی ئافرەتان لە کایەکانی ناو کۆمەڵگە و بەتایبەتیش لە بەرقەرارکردنی ئاسایش و ئاشتیی کۆمەڵایەتی، پرسێك نییە تەنها پەیوەست بێت بە کوردستان و بە کۆمەڵگەکەی ئێمە، بەڵکو پرسێکی جیهانییە و هەموو وڵاتانی جیهان، بەتایبەتیش وڵاتە پێشکەوتووەکان و دامەزراوە نێونەتەوەییەکان و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە بایەخەوە لەم پرسە دەڕوانن و کاری لەسەر دەکەن، بەتایبەتی لەم بیست ساڵەی دواییدا زۆرترین کاری لەسەر کراوە، بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ڕێی ئەنجومەنی ئاسایشەوە تایبەتکراوە بەوەی کە (ئافرەت رەگەزێکی کاریگەری ئاسایش و ئاشتیە)، ئەم بڕیارە بە بڕیاری ١٣٢٥ی ساڵی ٢٠٠٠ ناسراوە کە هەوڵێکە بۆ بەشداری پێکردنی زیاتری ئافرەتان وەك رەگەزێکی زۆر کاریگەر و یەکلاکەرەوە لە بەرقەرارکردن و دروستکردنی ئاشتیدا. کە باسیش لە دروستکردنی ئاشتی، یاخود چەمکی ئاشتی دەکەین تەنها مەبەستمان لێی نەمانی جەنگ و شەڕ و ئاژاوە نییە، بەڵکو مەبەستمان دیوەکانی تریشە لە چەمکی ئاشتی، کە ئەویش خۆی لە (پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکان و ئەندامانی کۆمەڵگە لەگەڵ یەك، دادپەروەری، ریزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، ئاسایش، پارێزگاری لە ژینگە، ناتوندوتیژی، سەقامگیری، لێبوردەیی، هاوکاری، دیموکراتیەت، ئازادی بیروڕا دەربڕین و بەشداری سیاسی، نەکردنی جیاوازی و دەرفەتی یەکسان) دەبینێتەوە، کە هەریەکەی بە شیوەیەك و بەیەکەوە تەعبیر لە چەمکی ئاشتی دەکەن. بۆیە تێگەیشتن لە چەمکی ئاشتی دەروازە گرنگەکەی بەرقەرارکردنی ئاشتیی کۆمەڵایەتییە کە ئافرەت دەتوانێت رۆڵێکی پێشەنگ و باڵا لە بەرقەرارکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتیدا بگێڕێت، ئەویش لە ڕێی پەروەردە و پێگەیاندن و تەنشئەی کۆمەڵایەتییەوە، کە (خێزان) ژینگەی سەرەتایی و کاریگەری ئەم پێگەیاندنەیە، زانراویشە کە رۆڵی ئافرەت وەکو (دایك) چەند کاریگەر و پڕ بایەخ و گرنگە لە ناو خێزان لە پەروەردەکردن و ئاراستەکردنی منداڵ و پێدانی خۆشەویستی و چاندنی ئەو بەها و پرەنسیپانەی کە ڕێچکەی ژیانی داهاتووی منداڵ دیاری دەکەن و لەو کارلێکەی کە پێی دەگوترێت تەنشئەی کۆمەڵایەتی».



ساسان عەونی لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا ئەوەش دەخاتەڕوو کە «کوردستان وەك کۆمەڵگەیەك کە لە قۆناغێکی هەستیاری راگوزەردایە و ئافرەتانی کە نیوەی کۆمەڵن، دەبێت بەپێی ژمارە و قەبارەیان لە چارەسەری تەنگژەکانی ناو کۆمەڵگە و لە پێشکەوتنەکانیدا رۆڵیان هەبیت». گوتیشی: «ئافرەتانی کوردستان رۆڵیان هەیە لە بەرقەراکردنی ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتیدا، بە رۆڵبینیان لە پەروەردەکردنی منداڵان بە بەهاکانی مرۆڤدۆستی، ناتوندوتیژی، خۆشەویستی، لێبوردەیی، جیاوازی نەکردن و قبوڵکردنی یەکتری، پێکەوەژیان، خو و رەوشت و ئاکاری بەرز و بەها و داب و نەریتە راستەکان. نابێ ئەوەش نادیدە بگیرێت کە ئێستا لە بارودۆخی جەنگداین، نیوەی گرانایی جەنگ لە سەر شانی ئافرەتە، هەر لە پەروەردەکردنی منداڵ، سەرپەرشتی ماڵ و خێزان، کارکردن و پەیداکردنی بژێو،




هاندانـــی پیاو لە رەوایی جەنـــگ و خۆڕاگری، هەروەها بەرگەگرتنی شـــەهید بوونی باوك و برا و مێرد و بەردەوام بوون لە جۆرێکی تری ژیان».

چالاکی بواری ئافرەتان و ســـکرتێری بۆردی پاراســـتنی مافەکانی ژنان لە ئەنجومەنی وەزیران، خانزاد ســـەعدی ســـەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لە کۆتایی ســـەدەی بیستەم و ســـەرەتای ئەم سەدەیە، رەوشـــی ئافرەت لەسەر ئاســـتی جیهان پێشـــڤەچوونێکی باشـــی بەخۆوە بینی، ئەویش دوای یەك پەیام و یـــەك دەنگی ئافرەتانی جیهان و دواتریش تیشکخســـتنە ســـەر ســـەرچاوە مرۆییەکان لە ئەجێندای ســـەدەی بیست و یەك، هەروەها کارکردن لەسەر بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشـــی نێودەوڵەتی و دەرکردنی چەند بڕگەیەکی تایبەت بە زامنکردنی مافەکانی ئافرەت و بەشداربوون و پاراستن و کاراکردنی لە هەموو بوارەکانەوە و گرنگترینی بڕیاری ژمارە ١٣٢٥ (ئافرەت، ئاشـــتی و ئاســـایش)ـە، ئەوانە هەمووی بوونە هۆکاری باشتربوونی رەوشـــی ئافرەت لە جیهان. لەماوەی چەند ساڵی رابردوو، لـــە ئەنجامی ئـــەو گۆڕانکارییە سیاســـی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی بەســـەر وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتوون کە بەشـــێکی زۆری وڵاتـــە عەرەبییەکانی گرتەوە و عێراقیـــش لە پێشـــووی هەموویانەوە بـــووە؛ بێگومان کاریگەری نێگەتیڤی هەبووە لەســـەر رەوشی کوردستان لە رووی ئەمن و ئاســـایش و دواتریش شـــەڕی تیرۆر دژی چەکدارە توندڕەوەکانی داعش کە هەموو پلان و پێوەرەکانی ناوچەکەی گۆڕی و ئافرەتێکی زۆر لە کوردســـتان بوونە قوربانی ئەو شـــەڕە و خەبات و تێکۆشانی چەندین ساڵەی ئافرەتان لەسەر ئاســـتی حکوومی و حزبی و رێکخراوەیی پاشەکشـــێی بەخۆوە بینی و ناچارین دیســـان لە سەرەتاوە دەســـتپێبکەینەوە. ئێمە وەك ئافرەتانی کوردستان هەنگاوی باشمان بڕیووە و کارمان لەسەر پرۆگرامی (ئافرەت؛ ئاشتی و ئاســـایش) کردووە، پلانەکە لەلایەن لێژنەیەکی هاوبەشی کوردســـتان و بەغدا داڕێژرا و لە ســـاڵی رابردووش ئاکشن

هێمن فەرید:

**هەر ئەو پەروەردەیەی ژنی کورد بووە کە فێری منداڵی کوردی کردووە رێز لە مرۆڤبوون بگرن و بە ئاشتی پێکەوە بژین و بڕوایان بە ئاشتی و ئاسایش و پێکەوەژیان هەبێت**



عەمید سەرحەد قادر:

**ئافرەتی کورد لە ئێستاو لە رابردووشدا لە بواری ئەمنی، سەربازی، ئیداری و ئابووری و چالاکی کۆمەڵایەتی و سیاسی کاراکتەرێکی بە توانابووە**



دڵشاد نامق:

**هاوسەنگی تەواوەتی لە کۆمەڵگە کاتێک دێتە کایەوە هیچ کام لەڕەگەزەکانی کۆمەڵگە فەرامۆشنەکرێن و نەبنە سالار بەسەر ئەوی دیکەوە، ئەگەر بەشداری ئافرەتان لە بواری سیاسەت ببێتە واقیعێکی راستەقینە، ئەوا بنەمایەکی گرنگی عەدالەتی سیاسی دێتە کایەوە**

پلانەکە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەسەند کرا و کاری جددی بۆ دەکرێت، بەڵام پێموایە جێبەجێکردنەکە وەك پێویست نییە، چونکە لەو پرۆگرامەدا لە چوارچێوەی سنووری عێراق کاری لەسەر دەکرێت و خراپی رەوشی ئافرەت لەویَ، کاریگەرە لەسەر کارەکانی کوردستان».

گوتیشی: «من وەك چالاکوانێکی بواری ئافرەت، لەسەر داوای رێکخراوی (کڤیننا تل کڤیننا)ی سویدی پرۆژەیەکم پێشکەش کرد و بۆ ماوەی سێ هەفتە لە سوید و دواتریش دوو هەفتە لە عەممان بەشداربووم لە پرۆگرامی راهێنانی نێودەوڵەتی ١٣٢٥ (ئافرەت؛ ئاشتی و ئاسایش)، دەبوایە دواراپۆرت دەربارەی جێبەجێکردنی پرۆژەکەم لە پایزی ساڵی رابردوو پێشکەش بکەم، بەڵام بەهۆی ناهەمواری رەوشەکە و وەستاندنی زۆربەی پرۆژەکانی تایبەت بە ئافرەت و خەریکبوونمان بە هاوکاریکردنی ئافرەتە ئێزیدی و ئاوارەکانی دیکەی کوردستان، تا ئێستاش نەمتوانیوە پرۆژەکەم جێبەجێی بکەم و ئەوەی لە دوا راپۆرتەکەمدا باسمکردووە، تەنها پلانی جێبەجێکردنە. بێگومان لە ئێستا و رابردوو، لە ئاشتی و جەنگدا، ئافرەت رۆڵی گرنگ و پۆزەتیڤی هەبووە، جا ئەگەر پرۆگرام و بڕیارێك دەربارەی پاراستن و کاراکردن و بەشداربوونی بێت؛ دڵنیام خودی خۆی تێیدا باڵادەست دەبێت و رەنگدانەوەی بەسەر رەوشەکەوە دەبێت. بۆ نموونە ئافرەتێکی زۆری پێشمەرگە و شەڕڤانی کوردمان هەیە کە لە سەرجەم میحوەرەکانی شەڕدا و شان بەشانی براکانیان دژی تیرۆر دەجەنگن و بوونەتە سیمبولی ئازایەتی و بەرخودان بۆ هەموو میللەتی کورد و جیهانیش. ئەمڕۆ چۆن ناوی پیرۆزی پێشمەرگە لە جیهان دەنگی داوەتەوە؛ بەهەمان شێوە ئافرەتی کورد توانیویەتی مێژوویێکی پڕ سەروەریی بۆ خۆی و نەتەوەکەی تۆمار بکات.

لە لای خۆیەوە عەمید سەرحەد قادر بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووك، سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەم راپۆرتەی گوڵان بەمجۆرە را و سەرنجەکانی خستەڕوو: «ئافرەت لە هەموو بوارەکانی ژیاندا رۆڵێکی سەرەکی هەیە و هەرگیز ناتوانرێ و ناکرێ ئەو رۆڵەی بە کەم بخەملێندرێت، چونکە ئافرەت پێگە و توانا و هێزی بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی لەهی پیاو کەمتر نییە، ئەگەر زیاتریش نەبێ، هەروەها هەموومان پەروەردەکراوی دەستی ئافرەتین، ئەویش دایکە، ئافرەتی کورد لە ئێستاو لە رابردووشدا لە بواری ئەمنی، سەربازی، ئیداری و ئابووری و چالاکی کۆمەڵایەتی و سیاسی کاراکتەرێکی بە توانابووە، تەنانەت ئەمڕۆ کە پیاوەکان لە سەنگەری بەرگریدان ئافرەت وێڕای ئەرکەکەی خۆی ٥٠٪ی ئەرکی پیاویشی لە ئەستۆدایە و توانیویەتی ئاشتی ماڵەکەی بپارێزێت و منداڵەکانی پەرتەوازە نەکات، بەرجەستەکردنی رۆڵ و ئەرکی ئافرەت لە بارودۆخی ئێستاماندا زەرورەتی خۆی هەیە و خۆشبەختانەش لەبواری ئەمنی و سەربازیدا شانبەشانی پیاو بۆ پاراستنی وڵات لە ئەرك و واجبدایە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بە حوکمی ئەوەی هەستی ئافرەت ناسکە، کۆکم لەسەر ئەوەی کە سیاسەتکردن لای ئافرەت سیاسەتێکی نەرمە و کەمتر حەز بە شەڕ و کوشتار دەکات، بەڵکو هەمیشە بەرەو لێبوردەیی و ئاشتەوایی و ئاسایشدا هەنگاو دەنێت، لەبەرئەوەی ئافرەت دایکە، هاوسەرە، خوشکە، هەر نێرینەیەك تیابچێت، ئافرەت بە پلەی یەك خەسارەتمەند دەبێ، بە تیاچوونی ئەو نێرینەیە ئافرەتێك رەشپۆش دەبێ، ئافرەتێکیش جەرگی دەسووتێ، ئافرەتێکیش ماڵوێران و سەرلێشێواو دەبێ».

دڵشاد نامق فەرەج، خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە زانستە سیاسییەکان هێما بۆ ئەوە دەکات کە ئاشتی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی کۆمەڵگە بنەمایەکی گرنگی بەرەوپێشچوون وگەشەکردنی تەواوی دام و دەزگاکانی وڵات و دەوڵەتدارین، گوتیشی: «هەر کۆمەڵگەیەك بیەوێت هەنگاوبنێت بەرەو پێشکەوتن پێویستە لە سەرەتاوە هەوڵی چەسپاندنی ئاسایش و ئارامی بدات، بێگومان ئەم بابەتە گرنگەیش بەتەنها لایەنێك و پێکهاتەیەکی کۆمەڵگە فەراهەم ناکرێت و نایەتەدی، بەڵکو پێویستی بە کاری دەستەبەری و هەماهەنگی هەموو لایەك هەیە. ئەوەی پەیوەندی بە رۆڵی ئافرەتانەوە هەیە لە فەراهەمکردنی سەقامگیری کۆمەڵایەتی و ئاسایشی گشتیدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەرفەتانەی کە بۆ خودی ئافرەتان رەخسێندراوە، کە ئەمەش بەپێی رادەی پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەگۆڕێت، ئەگەر بواری کارکردن و بەشداریکردنی ئافرەتان رەخسێندرا و دەرفەتیان پێدرا بەشداری کایە سیاسی و رۆشنبیریەکانی وڵات بکەن، ئەوە دەبنە کۆڵەکەیەکی گرنگ لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە، هاوکارێکی بەهێزی رەگەزی بەرانبەریش دەبن بۆ چارەسەرکردنی زۆرێك لەو گرفتانەی کە رەنگە رەگەزی نێرینە نەتوانێت بەتەنها چارەسەری بنەڕەتییان بۆ بدۆزێتەوە. واتە ئافرەتان دەتوانن رەگەزێکی گرنگ بن لە بەرقەرارکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی، ئەمەش لە رێگەی بەشداریکردنیان لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و پەرەپێدانی رۆشنبیری خێزانی لە کۆمەڵگە، کە ئافرەتان دەتوانن ببنە فاکتەرێکی بەهێز بۆ پەرەدان بە رۆشنبیری خێزانی و ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە بۆ ئەوەی خێزانێکی هۆشیار و تەندروست و دور لە توندوتیژی بنیات بنێن، ئەمەش لە رێگەی لێکتێگەیشتن و چارەسەرکردنی گرفتە خێزانییەکان لەگەڵ پیاوان لەناو خودی خێزان و رێگەنەدان بە چونە دەرەوەی و تەشەنەکردنی بۆ کێشەی گەورەتر،



هەروەها ڕاهێنانی نەوە و منداڵان لە سەر متمانە بەخۆبوون و گفتوگۆکردن و چارەسەر دۆزینەوە بۆ کێشەکانیان لە بری پەنابردنە بەر توندوتیژی و ئازاردانی یەکتر، کە ئەمەش لە کۆتاییدا نەوەیەکی تەندروست و لێبوردە دەبەخشێتە کۆمەڵگە و بەمەش بناغەیەکی بەهێزی ئاشـــتیخوازی و ئاشـــتی ویســـتی لەکۆمەڵگەدا دادەمەزرێنێت. لە بواری سیاسیشدا گرنگـــە ڕۆڵ و پێگە بـــە ئافرەتان ببەخشـــرێ، چونکە هاوسەنگی تەواوەتی لە کۆمەڵگە کاتێك دێتە کایەوە هیچ کام لەڕەگەزەکانی کۆمەڵگە فەرامۆشنەکرێن و نەبنە سالار بەســـەر ئەوی دیکەوە، ئەگەر بەشداری ئافرەتان لە بواری سیاســـەت ببێتە واقیعێکی ڕاســـتەقینە، ئەوا بنەمایەکی گرنگی عەدالەتی سیاســـی دێتە کایەوە بەجۆرێك کایەی سیاسی دەبێتە ڕەنگدانەوەیەکی تەواوەتی پێکهاتەی کۆمەڵگە، بەمـــەش دیموکراســـییەت و یەکسانی ڕەگەزی زیاتر برەو پەیدا دەکات.»

هێمن فەرید چالاکی کۆمەڵگەی مەدەنـــی ڕایوایە: «ئافـــرەت لە بەرقەراربوونی ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵگە لە ناو خێزان و لە دەرەوەی ماڵەکەشی ڕۆڵی گرنگی هەیە»، گوتیشـــی: «ئافـــرەت مرۆڤێکی جیاواز نییە لە ناو کۆمەڵگەدا، بەڵکو مرۆڤێکـــی ئاســـاییە، ئافرەتی کورد بۆتە مامۆستا و پزیشـــك و ئەندازیار و سیاسەتمەدار لە کۆمەڵگەی کوردی، بۆیـــە دەکرێت ژنی کورد هەموو ڕۆڵەکانی بەرکەوتبێت، چ وەك دایك و چ لە کارکردنی لـــە دایەنگە و بواری پـــەروەردە و قوتابخانە و تەنانەت لە ناوەندە سیاســـییەکان و ...تاد، ئەوە وایکردووە ژن پێشەنگ بێت لە زۆربەی بوارەکان و جێگرتنەوەی زۆربەی سێکتەرەکانی پەروەردە. هەروەها ژنی کورد بەهۆی ئەو هەموو جەنگ و کاولکارییانەی کە وڵاتەکەی تووشـــی بووە، کاتێك پیاوەکان بوونەتە پێشـــمەرگە، بە بەرپرســـیاریەتی زیاترەوە منداڵەکانیان پەروەردە کردووە هەر ئەو پەروەردەیەی ژنـــی کورد بووە کـــە فێری منداڵی کـــوردی کردووە ڕێز لە مرۆڤبوون بگرن و بە ئاشـــتی پێکـــەوە بژین و بڕوایان بە ئاشـــتی و ئاســـایش و پێکەوەژیان هەبێـــت.. ئەو ڕۆڵە مێژووییەی ئافرەتی کورد بینیویەتی وایکردووە کە بەردەوام منداڵـــی کورد فێر بکات لەناو ماڵ و لە دەرەوەی ماڵەکان بەئاشتی و ئارامی بژین».